


MAY : 2010 ژمارە : ٢ جۆزەردانی : ٢٧١٠

## مێژووی سەرهەڵدانی جەژنی دایک

یەکیک لەو بۆنەو ئاهەنگانەی کە هەموو جیهان یادی دەکەنەوە ( جەژنی دایک،یاخود رۆژی دایک) ە، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر لە جیهاندا بیرورایی جیاواز هەیە،لە میژوو داو سەبارەت بە نەریت و سەرهەڵدانی رۆژی دایک هەیە،بەڵام بە گشتی کۆکن لە سەر یادکردنەوەی جەژنی دایک. لێرەوە باس لەبەسەرهاتیک دەکەین کە لە جەژنی دایکدا رویداوە،سەرتا بەستایشو پیشکەشکردنی دیاری بۆ دایکان دەست پێدەکەین کە چۆن هەر لە دێر زەمانەوە روویداوە ... بۆ لاپەری ٢




## درۆ کردن؟

راستگۆیی گرنگترین تایبەتمەدیی ئەخلاقی مرۆڤە. لە فەرهەنگی هەموو کۆمەڵگایەکی بەشەریدا درۆ دیاردەیەکی ناشایستە،بەڵام سەرەرای ناشایست بوونی ئەم دیاردەیە، کەچێ یەکێکە لە ئاڵقە نەپسانەوەکانی زنجیری ژیانی رۆژانەی زۆربەمان، ئەگەر چاوێک بە پێوەندییە کۆمەڵایەتی کانی خەڵکی ئەو وەلاتەی خۆمان دا بخشێنین،دەبینینین سەرەرای ناپەسند بوونی درۆ... بۆ لاپەری ١٩

* * * * * * * * * * * *

## یادیک لەهونەرمەند قالەمەڕە

قادر عەبدوڵڵازادە ناسراو بە قالەمەڕە هونەرمەندی شمشاڵژەن لە ساڵی ١٩٢٠ لە گوندی کولیجە لە نێوان بۆکان و مەهاباد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە. چەپ گەردی گەردون وای لێکردوە کە باوکی نەبینێ دایکیشی لە تەمەنی ٦ ساڵانیدا کۆچی دوایی بکا.هەروەک خۆی دەڵێ تەواوی ژیانی بە نارەحەتی و برسێتی و ... بۆ لاپەری ٤




لەم ژمارەیە دا:

* کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان بۆ لاپەری ٩
* بەسەر بەژنی پێنج وەنەوشەی نیشتماندا ...بۆ لاپەری ٧
* زمانی ستاندارد و زمانی یەکگرتووی... بۆ لاپەری ١٢
* پەندی پیشینیان ... بۆ لاپەری ١٣
* کرۆنۆلۆگی کوردستان... بۆ لاپەری ١٦
* وتەی زانایان ... بۆ لاپەری ١٤
* چیرۆک بۆ منداڵان ... بۆ لاپەری ١٥
* بۆ پێکەنین... بۆ لاپەری ١٨
* تەندورستی ... بۆ لاپەری ١٧

سەرچاوە
Serchawe

پاشماوەی لاپەری ١

# مێژوویی سەرهەڵدانی جەژنی دایک

ئا: نیاز جەلال

بەسە رهاتەکە بە م جۆرە دەست پێدە کات(لەگە ڵ نوسینی چەند دێرێکی دەستپێکردن لە بوونی خوداوەندێک بە ڕۆژهە ڵات و ڕۆژئاوا بوون و درەوشانە وە و ڕوناکی ئەستێرە لە تاریکی شە واندا).

لە دیارترین حیکایە ت کە دەیگێڕنە وە لە و ڕۆژەدا حیکایە تی دانیشتوانی (فریجیا)یە کە ناسراوە بەئاسیای بچووک و بە بۆچوونی ئە مان، دیارترین خواوەند(سیبیلە)کە بەکچی ئاسمان و زەوی ناسراوە، لەڕاستیدا جەژنی دایک لەدانیشتوانی(فریجیا)وە سەرچاوەی گرتووە کە بەیەکە م بۆنە ی ڕاستە قینە دادەنرێت لە ستایشی دایکدا .

دوای ئەمان یۆنانییە کان دێن و بە یە کیک لەبۆنە کانی بە هار دایدە نێن کە خوداوەندی (ڕەهیا)ناسراوە بەخواوەندی دایک، بە وەی کە یەکێکە لەبە تواناترینان کە یادی دەکەنە وەو دەیپەرستن .

هەروەها ڕۆمانییەکان دێن کە بۆ هە ر شتێک دایکێکیان دانابوو ناویان دە برد ( ماجنا مازە ر ) کە بە تواناترین دایک ناوبرابوو، پە رستگای (تە ل پالاتین)یان دروست کردو هە موو (١٥)ی ئادارێک (مای)بۆ ماوە ی سێ ڕۆژ یادیان دە کردەوە،ئە م ڤیستیڤاڵەشیان ناونابوو ڤیستیڤاڵی (هیلاریا) و بۆچوونیان وابوو هێنانی دیاری بۆ ئەم پەرستگایە خۆشیو ئاسوودەیی دەخاتە دڵی دایکە پیرۆزەکەیان واتە(ماجنا مازە ر) .

بەهاتنی (مەسیح) ئەم یادە لەسە ر شە رەفی کڵێسە ی (دایک ) کە لە ڕۆژی چوارهە می ڕۆژووی گە ورەی مەسیحە ، هە مووان هەڵدەستن بە کڕینی دیاری .

لەچاخەکانی ناوەڕاستدا بەشێوازێکی تر ئەم یادە دەکرایەوە،یادکردنەوەی ئەم یادە بەشێوەیەکی نوێ دەبێت ئەمەش لەکاتێکدایە کە لەهەندێک وڵاتی هەژارنشین دا منداڵەکانیان دەدەن بەکرێ بەرامبە ر بڕێک پارە بۆ ئە وەی بژێوی ئەندامانی خێزانەکە ی پێ پڕبکە نە وە، کە لە ماوەی ساڵێکدا یەک جار ئەو منداڵە دەیتوانی مۆڵەت وەربگرێت، ئەو ڕۆژەش ڕۆژی جەژنی دایکان بوو، منداڵە کان خۆشحاڵ بوون لە و ڕۆژەدا کاتێکی خۆشیان لەناو خێزانو لەگەڵ دایکیان بەسەر دەبرد، لەدوای داگیرکردنی ئە مریکا هەندێک بۆنە و یادکردنە وە قەدەغە کران، لەبە ر ئە و هۆیە لەساڵی (١٨٧٢)دا یادی جە ژنی دایک نە کرایە وە .

گەڕانەوە بۆ ئەو یادە (جەژنی دایک) لەسەر دەستی نووسەری بەناوبانگ (جولیا وارد هاوی )بوو لەگەڵ ئەوەی لەو کاتەدا ئەم یادە گرنگییە کی ئەوتۆی پێ نەدەدرا، بەڵام لەلایەن چەند کەسێکەوە بەتایبەت مامۆستا (ماری تاویلە ز ساسین ) هە وڵێکی زۆر درا ئە و یادە بە ژەنینی پارچە میوزیکێک بۆ دایکان بکرێتەوە، بەڵام پرۆژەی ڕاستەقینە لەئەمریکا ژنێکە بەناوی (من جارڤیسم) کە ساڵی (١٨٦٤ ) لە دایک بووە و لە تەمە نی لاویدا لە (گرافتوون) لەباشوری ویلایەتی (ڤێرجینیا) دەژیاو لەکۆتایی جەنگی ناوخۆدا تەمەنی (جارڤیس) ساڵێک بووە کە لە نێو دانیشتوانی ناوچەکەیاندا دوای کۆتایی جەنگ ڕقو کینەیەکی زۆر لەنێو خێزانەکاندا هەبووە.

هەمیشە گوێی لەوە دەبوو کە دایکی پێی دەوت:"کاتێک دێت، ڕۆژێک دێت لە شوێنێکە وە کە کەسێک هاوار بکات و بڵێت بائاهە نگ بگێڕین بۆ جە ژنی دایک" .

لەو کاتەی کە یادی ئەو ئاهەنگە دەگرێتەوە،هەموو ئە و خێزانانە ی کە ناکۆکی لەنێوانیاندایە بەستایشکردن و پێدانی دیاری لە ڕۆژی جە ژنی دایکدا کۆتایی بەکێشەکانیان دێت.

(ئان) لەدوای مردنی دایکی، سوێندی خوارد کە ئە و حە زو ئارەزووەی دایکی بە جێ بهێنێت،لەسە ر داواکاری (ئانا ) بەرپرسێک لە ویلایە تی (ڤێرجینیا) هەستا بەگێڕانی ئاهە نگێکی قەشە نگ لە دوانزدەی مای ساڵی (١٩٠٧)دا، بەبۆنە ی جە ژنی دایک کە ئەمە بووە یەکە م ئاهە نگی جەژنی دایک لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا .

(ئانا)لەنووسیەوەکانی بەردەوام بوو کە تێیدا بانگهێشتی دەکرد لە سە رجەم ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دا ئاهەنگ ساز بکرێت .
بەهاتنی ساڵی (١٩٠٩) نزیکەی هەموو ویلایەتەکە ئاهەنگیان دەگێرا تا هاتنی سەرۆک (وێلسۆن) لەنۆی مای ساڵی (١٩١٤)کە بەرەسمی رۆژی دوانزدەی مای لەویلایەتە یەکگرتووەکان دەست نیشان کرا بکرێتە جەژنی دایک .
پێش مردنی لەساڵی (١٩٤٨)دا (ئانا)خەونەکەی دایکی بە دیهێنا ئەویش بەناساندن و کردنە وەی ئەم بۆنەیە لە چل وڵاتانی جیهاندا لەسەر ئاستی جیهانی و عەرەبی و خۆرئاوایی .
هەندێکی دیکە بۆچوونیان وایە لەسەرەتادا ئەم بۆنەیە لەئەڵمانیادا کراوەتەوە، گەورەی نازییەکان(هیتلەر)یەکەم کەس بوو کە یادی جەژنی دایکی کردەوە کەرێکەوتی رۆژی لەدایکبوونی دایکی بوو،ئەم هەڵە قۆزراوەیە وە بە وەی هاندەرێکی زۆری ژنانی تەمەن منداڵ هە بوو، بە وەی کە منداڵی زۆر بخەنە وە بۆ یادکردنە وەی ئەم ئاهەنگە .
مێژووی ئەم یادە لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆرێت، وەک گۆرینی داب و نەریت چۆن جیاوازەو دەگۆرێت:
* لەنەرویژ لە دووەم هەفتەی فێبریواری .
* ئەرژانتین لە دووەم هەفتەی ئۆکتۆبەر .
* لوبنان لە یەکەم رۆژی وەرزی بەهار.
* باشوری ئەفریقا یەکەم هەفتەی مای .
* لەهیندستان لەسەرەتای مانگی ئۆکتۆبەر ئەم ئاهەنگە بەردەوام دەبێت بۆ ماوەی دە رۆژ کە بە(دەرجا بوجا)ناو دەبرێتو بەرۆژی دایکی پیرۆز کە بەگرنگترین خواوەندی هندۆسییەکان دادەنرێت، بە بروای خۆیان ئەم خوداوەندە دەبێتە نوێنە ریانو دە قۆڵ لە خۆ دەگرێت هە ریەک لەم قۆڵانە چەکێکی شەرِ لەناو دەبات .
* پورتوگال لە هەشتی دیسێمبەردا ئەم یادە دەکەنەوە .
* ئیسپانیا لە هەشتی دیسێمبەر.
لەم وڵاتەدا ئەم یادە پەیوەستە بەکڵێسەوە کە بەرزنرخاندنی ( مەریەم دایکی مەسیح )ە کە رێکەوتی جێژنی دایکانە بەشێوەیەکی گشتی .
* فەرەنسا و سوید لە کۆتایی مای .
ئەم رۆژە بەجەژنی دایک لەناو خێزاندا ناسراوە، هەموو خێزان لەو رۆژەدا لەدەوری مێزی خوواندا کۆدەبنەوە و چەندین جۆری شیرینی پێشکەش دەکەن بە دایک .
لەم رۆژدا سوید لەرۆژی مۆڵەتدان کە بەمۆڵەتی خێزان ناونراوە،لە دوای ماوەیەکی کورت مانگی سوری سویدی هەڵدەستێت بە فرۆشتنی گوڵی پلاستیکی بچووک،ئەم داهاتە تەرخان دەکات بۆ بەخێوکردنی ئەو دایکانەی مۆڵەت وەردەگرن کە منداڵیان زۆرە و سەرقاڵی بە خێوکردنیان. *
ژاپۆن لە هەفتەی دووهەمی مایدا .
* ئەمریکا لەهەفتەی دووهەمی مای .
لەم رۆژەدا پێشانگەیەکی وێنەیی بۆ ئەو منداڵانە دەکرێتەوە کە تەمەنیان لەنێوان ( ٦ بۆ ١٤ )ساڵیدایەو هەڵدەستن بەوێنەکێشان،ناویان ناوە (دایک)لەگەڵ ئەوەی بەشداری لەپێشانگەیەکی تردا دەکەن کە ئەویش ناونراوە پێشانگەی گەرۆک، ئەم پێشانگە یە چوار ساڵ جارێک ئەنجام دەدرێت،کە بەچەند وڵاتێکی جیاوازدا دەگەرێت،لێرەدا وێنەی ئەو منداڵە بەشداربووانە دەناسێندرێت بە جیهانی دەرەوە لەکوران و کچان کە لەژێر چاودێریی دایکاندان لە سەرجەم وڵاتە جیاوازەکانی دونیادا .
* ئەسیوبیا لە کۆتایی ئۆکتۆبەر و سەرەتای نۆڤمبەردا .
ئەوەی جێی سەرنجە (ئەسیوبیا) رۆژێکی دیاریکراوی نییە بۆ یادکردنەوەی ئەو بۆنەیە، تەنها پشت دەبەستن بەوەی کە کۆتایی هاتنە بەوەرزی باران،کچان و کوران لەسەرجەم شوێنە جیاوازیەکان سەردانی دایکیان دەکەن لەگەڵ بردنی گۆشتی بەرخ کە دایکان ئامادەی دەکەن لەبۆنە و ئاهەنگەکاندا‌و جلو بەرگی ئاڵۆ واڵا دەپۆشن و گۆرانی تایبەت بەیادی جەژنی دایکان دەڵێن، لە ناو خێزانەکاندا ئەم یادە ماوەی دوو بۆ سێ رۆژ دەخایەنێت.
* لەیوگسلافیا جەژنی منداڵ و جەژنی دایک دەکەوێتە سێ رۆژ پێش سەری ساڵی نوێ.

باوکان لەیەکەم هەفتەی مانگی دیسێمبەردا هەموو منداڵەکانی لەو ڕۆژەدا واتە ڕۆژی جەژنی منداڵ کە ناویان ناوە ( Dan Dechiyi ) پێکەوە دەبەستێتەوەو بەندیان دەکات،هەتا دان بەوەدا دەنێن کە ملکەچی هەموو بڕیارەکانی باوکیانن،بەپێچەوانەوە لە ڕۆژی دایکاندا منداڵەکان هەڵدەستن بەبەستنەوەی دایکان هەتا شیرینی و خواردنی خۆشیان پێشکەش دەکەن،لەهەفتەی سێهەمی هەفتە یادی جەژنی باوکانە، لەم ڕۆژەشدا منداڵان هەڵدەستن بەبەستنەوەی باوکان لەنێوجێگای خەوتنیان یان لەسەر کورسییەک بۆ ئەوەی لەو ڕۆژەدا جل و بەرگ و شتی بەنرخیان بۆ بکڕن .

※ مەکسیک و ئەمریکای لاتین لە دەی مایدا .

※ دانیمارک،فنلەنداو ئیتاڵیا ئەم یادە لەهەفتەی دووهەمی مایدا دەکەنەوە .

※ وڵاتانی تورکیاو ئوسترالیاو بەلجیکاو بەحرەینو هۆنگ کۆنگ ومالیزیا لە دەی مای .

※ عێراق، عوممان، پاکستان، قەتەر، سعودییە، سەنگافورە،ئیمارەت و میسر لەبیست و یەکی مارسدا ئەنجام دەدرێت .

سەرچاوە : feedo.ne

************************************************************

پاشماوەی لاپەری ١

# یادێك لە هونەرمەندی شمشاڵژەنی ناوداری کورد قادر عەبدوڵڵازادە (قالەمەڕە)

چارەڕشی تێپەڕ کردووە. ساڵی ١٩٤٥-١٩٤٦ پەیوەندی بەکۆماری مەهابادەوە گرتووەو دۆستایەتییەکی نزیکیشی لەگەڵ نەمران هەژار و هێمن دا هەبووە.لەدوای لەسێدارەدرانی قازی محەممەدی سەرۆک کۆمار، قاچاغ دەبێ و هانا دەباتە ئەشکەوتی گوڵاڵە، یان پەنای دەباتە ماڵی عەباس ئاغای سەرکەپکان و ئەحمەد ئاغای کۆیە.ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨بۆتە هاوڕێی مەلا ئاوارە و مەلا مەحموودی زەنگەنە و سولەیمانی موعینی. هەر لەو سەرو بەندەدا ماڵیان دەچێتە دەڤەری بۆکان .تا ساڵی ١٩٨٥ هەر بەسەڵتی ژیاوەو خێزانی پێک نەهێناوە. هونەرمەند قالە مەڕە هەمیشە لەخەباتی کورددا بەشداری کردووە و هاوڕێ و هاوشانی تێکۆشەران بووە.تاسەردەمای شۆڕشی گەلانی ئێران واتەساڵی ١٩٧٨ بە نەهێنی لەگەڵ جووڵانەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێراندا بووە .
قالە مەڕە" لە کاتژمێر ١١/٢٠ خولەکی شەوی پێنجشەممە ٣١ی گوڵانی ١٣٨٨ ڕێکەوتی ٢١ی مای ٢٠٠٩ لەماڵی خۆی لە شەقامی مامۆستا هێمن لە کۆڵانی لاچین ١٥ لە شاری بۆکان کۆچی دوایی کرد. تەرمی ئەم هونەرمەندە میللیە بە پێی وەسیەتی خۆی و بە بڕیاری بنەماڵەکەی بە ئامادە بوونی ژمارەیەکی بەچاو لە هۆگرانی موزیک و گورانی کوردی، ئێوارەێ هەینی ٢٢ مای ٢٠٠٩ ڕێکەوتی ١ی جۆزەردانی ١٣٨٨ لە تەنیشت گۆری حەسەن زیرەک لە داوێنی کێوی ناڵەشکێنە بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردرا.

==================================================

# ئابلۆمووزیکار

## مامە قالە (١)

نووسینی : ح . س . سۆران

سەرچاوە Serchawe

# بەناوی کوردستانی گەورە

• مامە قالە! ئەی دەروێش عەبدوڵلای سۆران، شمشاڵ ژەنی مەزنی رەبەن، رۆڵەی زەمان؛ دەنگی زەنگی خۆش ئاهە نگ و هە وای شە نگی کۆنی مێژو، بیرخەرەوەی هەست بزوێنی سەردەمی زوو، پیری دەوران،ئەی ئاهەنگسازی بە ئاوەز ، ئەی داهێنەری بێ نیشان. هاورێ و هاوڕازی سۆزی ساز، پارێزەری دنیایە راز ،هونەرمەندی شازی بێ ناز،ئەیی ئیلهامی پڕ پەیامی قام و بەیت و بەستە و ئاواز .

• ئەی دەوڵەمەندی دەستبەتاڵ، هەناسەسارد، پسپۆڕی لێدانی شمشاڵ، خۆێندکاری مەکتە بی شوانی و دە شتە وانی، ئە ی قوتابی کێو و چیا و دەشت و دەوەن، لێدەری شمشاڵی رەسەن، رۆڵەی شەوێن(٢) و بانەمەڕ، دەزگیرانی پەری جوانی،چاودێری مەڕ، وەستای ئیشی پەز و کار و بە ر خەوانی، تۆ بازی دەوری تەرەغە و چیاکانی موکوریانی.

• خولقێنەری گەنجی هونەر! خاوە هونەری گەل پەروەر، دۆستی گیانی گیانی دوکتەر(٣)، دەستبەتاڵی خاوەن منداڵ، ئەی پسپۆڕی ئاکادێمیا و زانکۆی نەزمی بەزمی شمشاڵ، مامۆستای شوبێرت و شۆپەن، مێملی ئۆرگی یاماها و لۆتی بەرقی و قەمیش و فەن، رۆڵەی زگماکی ساکاری کۆنە هەواری ئێش و غەم، پەپوولەی عاشقی کوردان، سووتاوی تیشکی وشکی شەم وێلی هەواری چۆڵ و هۆڵ و دەشت وچەم، نانەوچنی نانی شوانی و مەڕۆیی کاتی بەیانی، پاکت ئەنجام دا پڕ بە دڵ، لە هەوڵ و کار قەت نە تکرد سڵ، رۆڵە ی شاخ و داخ و بە رد بوی، شوانی مە رو مە ردی هەرد بوی .

• مامە قالە! بە سۆزی دەنگی شمشاڵت، بە قامکی پڕ خەیاڵت، بۆم لێدە مۆسیقای کۆنی پێشو،بمبەرەوە بەرەو مێژوی سەردەمی زو. . .

• سۆزی لۆرەی شمشاڵەکەت، هێزی هەستی شنەی مەستی جامی خەستی خەیاڵەکەت، کزەی ئامیرە زاڵەکەت، دڵبزوێنە و تۆشەی دڵە ، رامکە ری مرۆڤی سڵە ،دەنگی هە زاری سە ر چڵە . ئە و لاوژە و بەستە و حە یران، بیرخە رەوەی کاتی زوە ، پە رەی دیرۆکی زیندوە ،هی دەورەی بوداق سوڵتانە،کە سەرداری موکوریانە، خاوە نی قۆشە ی کوردانە ی زەربی (٤)خاکی کوردستانە ،سروە ی باسە ری ئێوارە ی دەشتی چۆمی مە جیدخان و بناری چۆمی لاوێن و هەواری کۆنەلاجانە، شەماڵی دەشتی شامات و نە سیمی گوندی دریازو شە قەی ماچی کچی کۆڵانی ماچانە (٥)،شە قامی کۆنی مێژویی هەرێمی شاری وێرانە(٦)،قەڵای سەربەرزی سەردارە،کە بووکی شاری بووکانە(٧)،کە شاری کاکەسۆرانە،خورەی ئاوی شین و ئاویی کەناری تاڤگەیی کرژی هەریمی کەسکی شەڵماشە،خورێزی چۆمی کەڵوێیە و تەوژمی گادەری پەنگی خوروپانە،وەبیرهێنی شاری سنە و ئە میرانی ئەردەڵان وقەسری کۆنی پاڵەنگان و زرێباروقەڵای کۆنی مەریوانە،وەسفی کێوی ئاویەرەی بووکی شەنگی کوردستانە،ئاورەسوورەکەی زەرِدەشتە،کە رۆڵەی شازی سەردەشتە،مێژوی شاری چوارچرایەو مەدحی پێشەوای پێشینە،کە خۆشەویستی خەڵکیە و سەرۆک کۆماری کوردانە.

• مامە قالە! بە سۆزی دەنگی شمشاڵت، بە قامکی پڕ خەیاڵت،بۆم لێدە مۆسیقای کۆنی پێشو، بمبەرەوە بەرەو مێژوی سەردەمی زوو.

• ئەو شمشاڵە هەست بزوێنە،خەم رەوێنە،ناڵەی ئەشعاری ناڵیە،تۆزی رێگەی شارەزور هۆنەرێکی رێگەدوورە،وەڵامی نامە ی سالم و داری پیری پیرمەسوورە،سنووری چۆمی خاپوورە،هێندحەزنیە ،خەزێنە و کانی ئە سرینە،سە بوونی دەشتی هە ولێر و گە رمای گە رمی گەرمیانە،شە ختەی کوێستانی قە ندیلە،قیبلە ی قنجی کوردستانە ،بەوێنە ی بە یتی دمدمە و هەستی نە رمی مەموزینە .تە زبێحی میری لالە شە ،کتێبی مەسحە فا رەشە(٨) ،حەسێنەری رۆح و مێشک ومرخ و بیر و لەشە ،قەڵای کۆنی شاری دێرین، هەولێرپێتە ختی خوێن شیرین،ماڵی ئێستای کوردە ژنە،کە ژاندارکی کوردستانە،جێگەی شانازی هەموانە.

• ئەو شمشاڵەت،ئەو ئامێرە پڕ لە ناڵەت،رامدەچەنێ، مێژوی کوردم وەبیردێنێ، لە ئوقیانووسی خە یاڵدا،لە نێو گۆلاوی هە واڵ دا،دەمباتە بە رزایی بەرزان،زێد و دروشمی چازانی، شێخ سە لام و شێخ ئە حمە د و سە رۆک مستە فا بارزانی؛ دەمباتە وە سولە یمانی و شاری کۆنە ،شاری گەورەی مەلیک مەحموودی تاقانە،شاری شێعر و هەست و هونەر،مینگەی هۆنە،دەمباتە سەرگردی یارە گۆیژە و ئەزمە ر لە وێ دیارە دەمباتە وەە گردی سەیوان،گڵکۆی مرۆڤی خاوەن بیر،مەکۆی هونەرمەندو هۆزان، جێی شانازی هۆزی کوردان، قەبرستانی شەهیدەکان،شە هیدەکانی کوردستان، کوردستانی گەورەی سۆران .

- شنەی دەنگی هەستی پەنجەت،وەبیر هێنی قەڵپە زەی چۆمی سیروانە ،بەرچەوەندی کێوی هرگە (٩)و دوندی تەتە و و شاخ و داخی پڕ لە باخی ناوچەی هەورام و گۆرانە،خۆرەی تاڤگەی کرژی بڵ و ماریفەتو پیر شالیاری پیری تەختە،قسەی حەققی سەرەنجامی(١٠)سووڵتان ساهاکی دێرینی پە یام هێنی دڵۆڤانە ،تیشکی ئاتە شگە ی لە میژی کێوی شاهۆی کن پاویە و بە رگی مێژوی بە ردەنووسی هە رێمی گوندی هە جیج و سانەکانی هەورامانە،کە کان و کانی سانانە.

- مامە قالە! بە سۆزی دەنگی شمشاڵت،بە قامکی پڕ خەیاڵت،بۆم لێدە مۆسیقای کۆنی پێشو،بمبەرەوە بەرەو مێژوی سەردەمی زوو...

- دەنگی خۆشی شمشاڵەکەت،هەستی سروەی شنەی نەرمی گۆمی وانە کە هی ئێمە و بە دەست وانە دەقی مێژوی شە رەفخانە،شۆڕشەکەی ئاراڕات و ئاگریداغی ئیحسانی نووری قارە مانە .منارە ی مزگە وتی نە مرووت،چیرۆکی ناوچە ی جزیر و د ەشتی سە وزی بادینانە ،گوڵی باژێڕی بۆتانە . زریانی کاتی ئێوارەی کەڵەشارەکەی ئامێدە و بزاڤی مەزنی فەرهەنگی بنەماڵی بەدرخانە،خەباتی دادە لەیلایە و گرتوخانەی ئێمرەلیە، جێگەی ئاپۆی دڵۆڤانە، شۆڕشی شێخ عوبەیدیلا و شێخ سەعیدی میری پیری پیرانە.

- بە هۆی دە نگت،بە هۆی پەنجە ی داهێنە ری شە نگت، دمبەیتە وە باڵەخانە ی کۆنی مێژوی کاتی پێشو ،دەچمەوە کێوی بێستون،قە ڵای فەرهاد، پاڵە وانی کوردی ناشادی رە نج بە باد،تاقی تاقوەستان ئە بینم،شاری کرماشانی مەزن،قە لبی کوردستانی گە ورە،شانازی سۆران ئەبینم،کتێبی فەرهادو شیرین،"هەرچەن مەواتان" ئەخوێنم،هۆنراوەی شاعیری نەمر،خانای قوبادی بیرەوان،رۆڵەی دڵۆڤان ئەخوێنم.دەمبە یە وە کووچە کانی شاری دێرینە ی دینەوەر،سە دان کەسی خاوە ن بیرو مرۆڤی چاڑان ئە بینم، دەچمە وە عیلامی (١١)پێشو ،لەمە دانی شاری ئیلام، لە پەیکەری شاعیری نەمر،غوڵام ڕەزاخان ئەبینم، شاکە و مەسوورخان ئەبینم، عێلی گەورەی بەختیاری و کەڵوڕ و لە ک،مرۆڤی دڵپاکی رە بە ن، خەڵکی لوڕستان ئەبینم.

- سۆزەی دەنگی شمشاڵی تۆ،قامیشی نێو بەتاڵی تۆ، مێژوی شاری قامیشلیە و دیرۆکی کۆنی عەفرینە، یادی کرمانجی ئیزەدی و گۆلی سێوان و لاچینە،باسی شیروان و قووچانی خوراسانە،پەیامی شاری جابانە (١٢).

- ناڵەی شمشاڵی شەنگی تۆ،کزەی دەروونی تەنگی تۆ، دەنگی کۆنی پە ری ژینە ،فۆلکۆرە، کەلە پوورە، قسە ی لاس و سیامە ند و باسی بە یتی مەم و زینە،قەتاری عەلی مەردانە و سەحەری دەنگی سێوەیە و پێزی هێزو مایەی ژینە،سروودی بەزەو ئەوینە،دژی کێشە و زوڵم و رق و قینە.

- مامە قالە! بە سۆزی دەنگی شمشاڵت،بە قامکی پڕ خەیاڵت،بۆم لێدە مۆسیقای کۆنی پێشو،بمبەرەوە بەرەو مێژوی سەردەمی زوو...

- دەنگی لۆرەی ئەو شمشاڵەت،هۆرە و سیاچەمانەیە،تراژێدیای ساڵ و قە رن و بانگە وازی زەمانەیە ،بالۆرەی حوزنی حە یرانی جانانەیە،شینی دایکی شە هیدانی کوردستانە ،ناڵەی زامی ساردە وە بوی پێشمە رگەیە،کە گیانیفدا و قارەمانە ،زمانی حاڵی هە ژارە،بۆڵە ی مرۆڤی بێکارە ، ئاهوناڵەی برسیان و ئاواران و بێ ماڵانە،سرودێکی راستەوخۆیە،دژ بە ئەنفال و حەڵەبجەو بەسەردەشت و دارەلەک و قەڵاتانە .

- مامە قالە! قاڵە مەرە! هەر ئەوندە!

مانای برێک لە وشەکان :

(١) مامە قالە = مامۆستا قالەمەرە، شمشاڵ ژەنی ناسراوی کورد. (٢) شەوێن = شە و لە وەڕی ران. (٣) دوکتە ر = دوکتور... (٤) زەرب ( زەربی قۆشە و سکە). (٥) کۆڵانی ماچان = جێگەیەکە لای خانێ. (٦) شاری وێران = شاروێرانی موکوریان . (٧) بووکان = بۆکان. (٨) مەسحفا رەش = کتێبی پیرۆزی ئایینی هاوخوێنە ئیزەدیەکان. (٩) هرگە یا ورگە – کێوێکی رماوە سە یرە، لە فە راغی چۆمی سیروان . ( ١٠) سەرەنجام= کتێبی ئایینی هاوخوێنە ئەهلی حەقەکان. (١١) عیلام = وڵاتی کۆنی عیلام . (١٢) جابان = شارێکی کورد نشینی لای تاران )

گیارەنگ

سەرچاوە
Serchawe

پاشماوەی لاپەری ١

# بەسەر بەژنی پێنج وەنەوشەی نیشتیمان دا

کوێستان عومەر زادە

چ بێدەنگە کازیوەی شار
پەتی قەنارە بە رێوە،
بۆ وەرینی بۆنی هەناسەی کۆترەکان،



چەند پەشێوە.
لەرەی مەرگ
لە ولاتی سێدارەدا،
بەسەر تەمەنی بەهاردا
شۆر بۆ تەوە.
بەسەر بەژنی پینج وەنەوشەی
نیشتیماندا.
هەتاو وەرین لە گزنگی
چاوەکانیان کە وتۆتەوە.
پەنجەی مەرگ

رۆحی سپی ئەوپێنج کۆترە ی،
بەسەر پەتی قەنارەدا
لار کردەوە.
لەدواین رۆژی هەفتەدا
هەر پێنجیانی کاڵ کردەوە.
ئەوان نامرن ، هەناسەیان
لەگەڵ هە نیسکی نیشتیمان
لە بەردەم تیشکی ئاسۆدا
تێکەل دەبێ.
بەیانی زوو،
لە دواین رۆژی هەفتە دا
میلی کاتژمێرێکی تاساو
خۆی پردەکا !!
ئێستاخەمی ئەو کۆترانە



لە ئاسمانی پڕ لە تاسەی،
نیشتیماندا وەک ئەستێرە
گزنگ دەدا.
من نازانم
زامی وەرینی ئێوە،



بێدەنگی نیگای نیشتمان
لە گەڵ تاسەی ئەم بەیانیە ،
چلۆن؟
لەباڵای شێعرێکمدا بهۆنمەوە.
وشە لە ئاست گەورەییتا
نادۆزمەوە .

ئێوە نامرن
لە وڵاتی بێ خۆرەتاو

لە وڵاتی ( ئێرانی سێدارەی ئیسلامی)
دەنگی فەرزاد،
بۆنی شیرن ،
هێزی عەلی ،
روحی فەرهاد،
باڵای میهدی،
لەژێر پەتی سێدارەدا
ترس هەرگیز نا یان ناسێ



ڕۆڵەی کوردبون!! سێدارەش لێیان دە تر سا.
ئەوان دایان لە شەقەی باڵ
چرا خانیان بۆ نیشتیمان داگیرساند.
گەورەتان لەدڵماندا
نا تویتەوە.
ئێوە نامرن ،
هە ستو تاسەی ئازادیتان
نا سڕ یتەوە.

# کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان

*[بەشی دووهەم]*

*نووسینی: حوسێن مەدەنی*

## بەشی یازدەهەم: "ئاکامی گشتیی مەسەلەی کورد"

### ١ - کوردستان لە چوار سەدەدا(١٥١٤ – ١٩١٤ )زایینی

ڕێککەوتننامەی"ئاماسیە" لە ١٥٥٩ی زایینی و لەزەمانی شا تەهماسبی سەفەوی دا، یەکەم جار بوو خەنگی خەتەری لە بەرامبەر هەڵبەز دابەزی میرانی کورد لێدە دا.سوڵتان سوڵێمانی قانوونی لە ئاستی حکوومە تی شیعە مەزهەبی سە فەوی دا کە بە"رافزی" ناوی دەبردن پاشە کشە ی کردبوو،بەو حاڵەش هیچکام لە میرە کوردەکان پیی وەخەبەر نەهاتن.ڕێککەوتننامە ی ئاماسیە سە رەتای دەست پێکرانی وتو وێژە کانیان بوو، لەو دانیشتنانەی دا هەر دوولا هاوبێر بوون بۆ لە کۆڵ خۆ کردنەوەی کێشەکان و هێور کردنەوەی گرژییەکان ئیمتیاز بە یەکتر بدەن.

بەڵام میرەکوردەکان لە ئاست یەکگرتنی دوژمنانیان فێر نەبوون یەکبگرن،لەهەر لایەرا تەنگاو بووبان،بەبێ وەبەرچاوگرتنی مەسە لەی نێوخۆیی و ئایینی یان پاڵیان وە یەکیک دوو حکوومەتە دەدا،بەتایبەتیی میرانی سەر سنوور بۆ ڕاگرتنی سە ری خۆیان لە سە ر دوو تە نافی عوسمانی و ئێرانی زۆرباشیان یاری کرد . شە رەفخانی بتلیسی کە مە غزووبی دەرباری شاتە هماسب بوو، بە یارمە تیی سوڵتانی عوسمانی و میرانی کورد توانیبووی قزڵباشان تێک بشکێنی و بتلیسیان لێ بستێنێتە وە(شە رفنامە،لا پە رەی ٨٤٧)ئەحمە دی خانی ئە ردەڵانیش بە پا بردن بۆ دە رباری عوسمانی توانی خۆێ بگرێتە وە و جێژنی سە ربەخۆیی بگرێ و بە نێوی خۆی سکە لێدا و لە نوێژی جومعە دا بە نێوی ئە حمە دخان خوتبە بخوێندرێتەوە.(مێژووی ئەردەڵان،مەستوورەی کوردستانی لا پەرەی ٤٣ )

هێرشی بێ بەزەییانەی لەشکری سوڵتان مراد بۆ سەر ئەمارەتی "عەبداڵ" خانی بتلیسی" بۆ میرانی کورد جە ند ئە زموونی بە نرخی تۆمار کرد، بەڵام میرانی تر کەڵکیان لەو ئەزموونانە وەرنەگرت:

یەکە م: بابی عالی نە یدە توانی لە وە زیاتر دە سە ڵات و سە رەریی میرانی کورد تە حە مول بکا،ئە م تاقیکاریە ش یەکە م جار بوو لە سە ر ئەمارەتێک – ئەویش ئەمارەتی عەبداڵ خان – کەلە هەموان بەهێزتر و بەهەیبەتتر بوو بەرێوە دەچوو.

دووهەم: میرانی کورد بوونە سێ بەش،بەشیکی بەرچاو پاڵی وە سوڵتان دا، هێندێکیان بێ دە خڵ مانە وە،بەعزێکێشیان پشتی عە بداڵ خانیان گرت،مخابن ئەوە هە ر لەشکری کوردان بوو پشتی قارە مانانی ڕۆژەکی یان تێک شکاند و ئە مارەتی عەبداڵ خانیان تێکە وە پێچا .سوڵتانی عوسمانی لەو دووبەرەکی و چەند بەرەکی یەی کەلە نێو میرانی کوردی خستبوو، ئەوپەری کەڵکی وەرگرت.

سێهەم: نایەکگرتوویی میرانی کورد لە گەلەکۆمەگی یە کی کرایە سە ر عەبداڵ خان،ئە و ئیمتیازە ی بۆ سە لاتێنی عوسمانی دە ستە بر کرد،هە ر میریک لە ئەمرو نەهی سوڵتان دانەمێنێ،بە دەردی عەبواڵ خان دەچێ.

مەسەڵێکی کورد هەیە: خۆم ودایکم سەید بین، بەرزنجی سەریان بە ریشی بابیان" ڕاست ئەو پەندەش لە میرانی کورد قە ومابوو، میرو بە گ و ئاژەڵ و لەوەرگە بەساغی دەرچووبان،خوای دەکرد باقیی میرە کوردەکان قریان تێدەکە وت.لە سە دەی ١٩دا کەنە فتی ولاوازی ئێر ان و عوسمانی کێشەی ئایینی لە بیر بردەوە، لەو وەختی دا میرە کوردەکان عامیلی سەرەکیی هەڵایسانی شەر و ئاژاوە نانەوەی نێوان ئە و دوو دەوڵەتە بوون . بەرژەوەندی ڕووس و بریتانیاش لەوەدا بوو،ئێران و عوسمانی چیدی بەگژ یەکدا نەچن و ئاشتی لە نێوانیان دا بەرقەرار بێ.

ئێران گیروگرفتی میر انی کوردی لە کۆڵ خۆی کردبۆوە .تە نیا ئە مارەتی ئە ردەڵان مابوو،ئە ویش لە ئە مرو نە هیی پاشاکانی قاجار دە ر نەدەچو،بەڵام ئەمارەتی کوردستانی عوسمانی،هەر بە نێو لەژێر دەسە ڵاتی بابی عالی مابوونە وە،ئەگینا بە هیچ جۆرێک حازر نە بوون جل و بەرگی عوسمانی یەکان دەبەر خۆیان بکەن و،ڕەنگی ئەوان هەڵێنن .(مسافرت بە ارمنستان و ئێران.پ.ام.ژوبر.وەرگێرانی محمد مصباحب

لاپەرەکانی ١٢١تا ١٢٣ )سەرنجام هەر دوو دەوڵەت بەو ئاکامە گەیشتن کەدەستی کوردەکان کورت بکەنەوە؛رێککەوتننامەی یەکەمی ئەرزرۆم لە ساڵی ١٨٢٣ی زایینی دا، بەرەزامەندیی رووس و ئینگلیس لە نێوانیاندا بەسترا،لەو رێککەوتنەدا هەم ئاشتی ئایینی یان هێنایە دی، هەمیش رێککەوتن کەبە هەر دوولایان پێش سەربزێویی کوردەکان بگرن و تەکانیان لێ ببرن .رێککەوتننامەکە بۆ هەردوو دەوڵەت دەسکەوتێکی گەورە بوو، دوو قۆڵی بۆ بەربەرەکانیی ئەمارەتە کوردییەکان و بەچۆک داهێنانیان یەکتریان گرت .دوو بەرداشی گەورە بۆ غەزراندن و هارینی کوردەکان وەخۆ کەوتن، بەڵام میرانی کورد نەبایان پێ داهات،نەبۆران.سەری خۆیان بەردابۆوە خەریکی ملۆمۆ کردن بوون، وەک هیچ نەقەومابێ وابوو،دوژمنان خەریک بوون ئاورگی ژیانی زێرینی میرایەتیی ئەوانی بۆ هەمیشە دادەمرکاند،

لەبەرامبەردا ئەوانیش راست چارەنووسی دەسەڵاتدارەتیەکەیان بە قەزاو قەدەری مێژوو سپارد بوو.

عوسمانیەکان لە ساڵی ١٨٣٦ی زایینی دا لەمیرە کوردەکان وەخۆ کەوتن،لە یەکەم هەنگاودا بە لەشکرێکی بێ ئەژمار شاڵاویان بۆسەر "میری سۆران"برد، میر محەممەد ساڵی ١٨٣٦ بانگی ئازادی و سەربەخۆیی لێ دابوو، بە نێوی ئەمیر مەنسوور فەرمانرەوایەتی دەکرد،بەرلەوەی بگەنە ناوچەی رەواندز هەرچی گوندی فەلە و یەزیدی بوو تاڵان کرا و سوتێندرا.

سوڵتانی عوسمانی سەر و ماڵی ئەوانی بۆ لەشکرەکەی حەڵاڵ کردبوو.

میرنزامیش بە چەک و جبەخانەی رووسەکان لە قفقاز را خۆی تەیار کرد و بۆسەر ئەمارەتی سۆران لەشکرکێشیی کرد.(کوردە ئیمپراتوریەکان عوسمانی لاپەرەی ١٨٠ ) لە بەینەدا ئینگلیسی یەکان لە رێگای سێخۆرەکانیانەوە ئیتلاعاتی تەواویان بە هەر دوو لەشکری عوسمانی و ئێران دەگەیاندو،هەماهەنگی نیزامیی بۆ پێک دێنان.

میرمحەممەد دەیتوانی بە پشتگیری لە فەلە و یەزیدی یەکان پێش جبهەی خۆی قایم راگرێ،بەڵام دەمارگرژیی ئایینی میر محەممەد قەت ئیزنی پێنەدا بیرلە شتێکی وا بکاتەوە،بە دژی سوڵتان خەلیفە لە گەڵیان رێک کەوێ. بێجگە لەوەش میرمحەممەد بەهێزترین ئەمارەتی کوردیی ئەو سەردەمەی دامەزراندبوو،لە باری نیزانی و ماڵییەوە زۆر بەتوانابوو،مەنتەقەیەکی ستراتیژیکیی یەکجار گرینگی بەدەستەوە بوو، بیویستبا بەرگری بکا،زۆر هاسان دەیتوانی هێرشەکان تێک بشکێنی،بەڵام میرمحەممەد بەگوێرایەڵی لە فتوای چەند مەلای دەوروبەر، پێی وابوو ئەگەر لە بەرامبەر لەشکوی سوڵتان رابوەستی و شەر بکا،تەلاقی دەکەوێ(مێژووی میری سۆران حوسێن حوزنی موکریانی لاپەرەی ٨٦)بۆیە ، رۆز سووک و ئاسان خۆی بەدەستەوە دا. لە حاڵێکدا میرمحەممەد پیاوێکی یەکجار ئازاو بە غیرەت بوو، بانگی ئازادی و سەبەخۆیی یەکەی بە هیچ جۆر لەگەڵ تەسلیم بوونەکەی جوور نەدەهاتەوە.

سوڵتانی عوسمانی لە پرۆژەی گەسک لێدان لە ئەمارەتە کوردی یەکان،نەیدەوێرا خۆ لە هێندێک شوێن بدا،دەستە و داوێنی دەوڵەتی ئاڵمان بوو."فیلدمارشاڵ هولس فونی مولتەکە"هەرچەندە وێژدانی بەوکارە لەعەزاب دابوو،نەخشێکی باڵای گێرا .

میرانی کورد لەپاڵ خاڵە لاوازەکانی نێوخۆیی دا،هێندیک خاڵی لاوازی دەرەکێشیان هەبوو کە چارەنووسی دوارۆژی ئەوانی دیاری دەکرد:

- شارەزایی یان لەسەر هێزی دوژمن زۆر کەم بوو.
- هەمیشە هێزی دوژمنیان بەکەم دەگرت.
- سنووری دۆست و دوژمیان لێ تێکەڵ دەبوو.
- روانگەی جیهان بینیی زۆربەی میران کورد لاواز بوو، نەیان دەزانی لە چ دەور و زەمانیک دا دەژین، دەوڵەتە گەورەکان کامانەن؟ نفووزیان لەسەر ئێران و عوسمانی و کورد تا کوێ یە؟

لە نێو میرانی کورد دا بەدرخان پاشا (١٨٤٢ ) لە باری ژیری و سیاسەت و کارزانییەوە،لە هەمووان لەسەرتر بوو،هەرچەند دەرەنگ وەخۆ کەوت.بەڵام لە بەرامبەر هەرەشەی سوڵتاندا سەری دانەنواند، مقاوەمەتی کرد .نەک هەربوو پاراستی سەربەخۆیی ئەمارەتی جەزیرو بۆتان،بەڵکوو بۆ رزگار کردنی، هەموو بەشەکانی کوردستان شۆرشی دەست پێکرد .میربەدرخان یەکەم میری بەتوانای کورد بوو،بەهوێ خۆشەویستی یەکی کەلە نێو خەڵکی کوردستاندا هەیبوو،دیواری پاوانخوازیی میرایەتی کوردی رووخاندو،یەکگرتووی کردن و "پەیمانی پیرۆز"ی لەگەڵ دائیمزا کردن.بیری تیژی میربەدرخان،مەڵبەندی ئەمارەتی ئەردەڵانییێشی گرتەوە.میربەدرخان بە پێچەوانەی میر محەممەد"پاشاکورە"، لەبواری مەزهەبییەوە ئینسانێکی کرواه بوو،باوەشی بۆ گەلانی لێقەوماوی مەسیحی و یەزیدی یە کوردەکان ئاواڵە کردبۆوە و هێنابوونیە نێو رێزی شۆرشەکە لەو زەمانی دا عوسمانیەکان پەندێکیان داهێنا:لەپەنا هەر بێ دینێکدا،کوردێکی موسولمانیش دەنێنرێ.

سەرچاوە Serchawe

شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی بەدرخان پاشا،هەر بۆ ئێرانی و عوسمانی مەترسیدار نە بوو،ڕاستە وخۆ هەڕەشە یەک بوو بۆ قازانجە ستراتیژییە کانی بریتانیا لە مەڵبەندی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.دەوڵەتە گەورەکان بە دوو شێوە ناوچەستراتێژییەکانی کوردستانیان کۆنیرۆڵ دەکرد؛ میسیو نێرەکان و،کۆنسولگەرییەکان، لە ڕێگای جاسووسی و کۆکردنەوەی ئیتلاعات و،گەڕان بەوڵات داو،کرینی ئەفرادی و ڕاکێشانی پەیرەوانی ئایینی مەسیح، جەوی سیاسی کوردستانیان بەدەستەوە بوو.(کوردەکانی ئیمپراتوری عوسمانی،جەلیلی جەلیل،وەرگیرقە فنان لا پە ڕەکانی ٢٤٥و٢٤٦)ئە و دوو بەشە لە دامرکاندنە وەی شۆڕشی میربە درخان دا نەخشی خرا پیان دە گێرا؛ئاسورییە کانیان لە کوردەکان هە ڵگەراندە وە،دوو بە ڕەکیان لە سەرکردایەتی شۆڕشدا ساز کرد،ئیتلاعات و زانیارییان لەئیختیاری دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی دەنا ،بە گەیاندنی یارمەتی ماڵی و نیزامی بەهێزیان دەکردن.سنوورەکانیان بۆ لەژێر جاودێری ڕادەگرتن.هاوکاری ئێران لە تێک شکاندنی شۆڕشی بەدرخان دایەکجار زەق و بەر چاو بوو؛ تەنیا ئەوکەسانەی پەنا دەدا کە لە گەڵ سوپای عوسمانی شەڕیان نەکرد و بێ تەقەو ڕەقە جەزیرەیان بەجێ هێشت با.(کوردەکان ئیمپراتوری عوسمانی،جەلیلی جەلیل،وەرگیر قەفنان لا پەری ٢٤٧)

دوایین شوێنی دەسەڵاتداریەتی کوردەکان ئەمارەتی بابان بوو.وڵاتی بابان هەڵکەوتێکی ستراتیژیکی تایبە ت بە خۆی هە بوو. عە یبی گە ورەی بنەماڵەی ئەمیرانی بابان ئە وە بوو،وێکیان هە ڵنەدەکرد،دەناله زرینگی و هە ستی کوردایە تی دا ناوبانگیان ڕۆیبیوو .لەهە موو ئامارەتە کانی کوردستان زیاتر لە ناکۆکیی نێوان ئیران و عوسمانی کە ڵکیان وەردەگرت.هە ردوو دەوڵە ت بە دەستیانە وە پێوە ببوون. میرانی بابان لە و سەردەمی دا عاملیکی سە رەکیی تە واوی ئە و شە ڕ و کێشانە بوون کە لە نێوان ئێران وعوسمانی دە قە وما.ئەمە ش بووبە هۆی ئە وە سە رەنجام هە ردوو لا هان بدرێن کێشە کانیان بن بڕبکە ن و لەئە مارەتی بابان و ەخۆ کە ون.لەساڵی ١٨٤٧ی زایینی دا ڕێککە وتننامە ی دووهە می ئەرزەڕۆمیان مۆرکرد.خاڵەکانی ئەو پەیمانە زۆر ورد و حیساب کراو دارێژرابوون.ئێران بۆ هەمیشە دەستی لە ناوچەی سلێمانی کێشاوە وازی لە ئیدەعای نەرزی ئەو ناوچەیە هێنا.عەشیرە تە کوردەکانیش مە جبوور کران هاووڵایە تی خۆیان دیاری بکە ن؛داخۆ ئێرانێن یا عوسمانی؟ !.دوو دەوڵەت بەڵێنی یان دا بە هاوکاری و یارمەتی دانی یەکتر،سنوورەکانیان بپارێزن و پێشی هاتوچۆی هێزی چەکداریش بگرن.

(بڕوانە کتێبی بررسی تاریخی،جعفر ولدانی، لا پەرەکانی(٣٣و٣٤)بەو ڕێککە وتنە،ئەمارەتی بابانیش سە ری تێدا چوو.(بڕوانە کتێبی تاریخی معاصرخاورمیانە،جلداول، موسسە مطالعات تاریخ خاورمیانە،لا پەرەی ١٤٢)

درێژە هەیە...

==================================================

پاشماوەی لاپەری ١٦

## کرۆنۆلۆگی کوردستان

دوای لە بەێن چوونی دەوڵەتی هوری و میتانی (HURI – MITANNI) لە شاخە کانی زاگرۆسە وە (OSTTAURUS) کونفدراسیونی نایری (NAIRI) پێک دێ. کە لە وێدا دوو ڕەگەزی حورییەکان و کاستیەکان (HURRITER – KASSITAN) [کە پاش ساڵی ١٢٠٠ پێش زایین بەشێکیان گەڕانەوە بۆ شاخەکانی] بەشداری ئەو کونفدراسیونە بوون.

درێژە هەیە

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

پاشماوەی لاپەری ١٩

## درۆ کردن

خۆی لەدەست بدا و تێکەڵاوی ژیان ببێ.بەداخە وە ئە م سیفە تە ناشیرینە (درۆ)زۆر بە ئاسانی لە کۆمەڵگە ی ئێمە دا دا جێی گرتوە ورۆژانە بەسەدان و هەزاران کە س و لایە ن درۆ لەگە ڵ یە کتر دەکە ن، واتە قسە ی ناحە ق دەبێتە حە ق بە بێ ئە وەی شە رمی لـێ بکە ن.

کۆمەڵگەیەک کە درۆی تێدا باوە،کۆمەڵگەیەکە پڕە لە لادان و زیانە کۆمەڵایەتییە کان و دەکرێ بڵێین کۆمەڵگەیە کی نەخۆشە .بە بڕوای من سەرەتای هەر شەڕو کێشە و لادان و زیانێک لە کۆمەڵگەدا لە درۆ و بێبڕواییەوە سەرچاوە دەگرێ.

(کوردستان و کورد)

# زمانی ستاندەرد و زمانی یەکگرتووی کوردی

پرۆفسۆر.د. محەمەد مەعرووف فەتتاح

بەم پێیە هۆڵەندی و ئەڵمانی دەبنە دوو زمانی جیاواز،چونکە لە گەڵ ئەو هەموو لێکچوونە لە پێکهاتی دوو زمانەکەدا،هێشتا هۆلەندییەکان واهەست دەکەن کە زمانەکەیان لە ئەڵمانی جیاوازە،هەر وەها ئەڵمانەکانیش خۆیان بە جیاواز دەزانن، بەم پێیەش هەموو زارە جیاوازەکانی "چین" بە بێ جیاوازی یەک زمانن، چونکە خەڵکی چین وا هەست دەکەن کە بە یەک زمان دەدوێن.بەم پێیە هەموو زارەکانی کوردی بە بێ گوێدان بە جیاوازی لە پێکهاتەی دەنگسازی و وشە سازی و ڕستە سازی و واژە دا،هەموویان کاتێ بە زمانی کوردی دادە نرێن کە ئەو خەڵکەی قسەیان پێدەکەن هەست بکەن کە یەک زمان، زمانی کوردی، قسە دەکەن. لەمە زیاتر پێوەری تر نییە بۆ جیاکردنەوەی زمانەکان لە یەکتری.

## (٤) زمان و شێوە

لە بەر ئەوکێشانەی دەکەوێتە ناو پێناسەی زاراوەی (زمان) کۆمەڵناسانی زمان دەست لە زاراوەی زمان هەڵدەگرن و لە جیاتی ئەم، پەنا دەبەنە بەر زاراوەی "شێوە". شێوە بە باوەڕی ئەمان کۆمەڵە کەرەسەیەکی زمانییە کە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی ڕادەپەڕێنێ. بە بۆچوونی کریستەڵ شێوە زاراوەیەکی کۆمەڵناسی زمانە بۆ پەیڕەوێکی زمانیی بەکار دێ کە بە پێی یان لە ژێر دەسەڵاتی گۆڕان لە باری کۆمەڵایەتیدا کار دەکات، هەندێ جار بارە کۆمەڵایەتییەکە شێوەیەکی ناوچەیی، هەندێ جاری تر شێوەی پیشەیی یان ئایینی یان چینایەتی دروست دەکات. (١٠) بەم پێیە هەموو زارەکانی زمانێک شێوەی ئەو زمانەن،تەنانەت زمانەکەش خۆی دەبێت بە یەکێک لە شێوەکان.لێرە دا پێویستە تێبینی ئەوە بکەین کە:

(١) ئەم پێناسە فراوانەی "شێوە"نەک هەر "زمان"بەڵکوو زار و شێوازیش دەگرێتە خۆی.

(٢)شێوە دەتوانێت بچووکتر بێت لە "زمان" و"زار" و"شێواز"،بۆ ئەو کەرەسە زمانییانەش بەکار بێت کە لە قسەی خێزانێک،گەڕەکێک، کۆمەڵێ کەسی هاونەفس وهاوپیشە یان هاوپسپۆڕیی یان تاکە کەس دەبینرێن.

## (٥) جۆرەکانی زمان

بەپێی تێڕوانینی کۆمەڵناسانی زمانی و خەڵکی، زمان دەبێت بە چەند جۆرێکە وەوەک زمانی یەکگرتوو (فەرمی،کارگێڕی)،زمانی ستاندەرد، زمانی کلاسیکی،زمانی عامی(خەڵکی یان میللی)، زار،کیریول و (١١) پیجن ( زمانی تێکەڵ)؛

١- زمانی یەکگرتوو:ئەو زمانەیە کە بە هاوردن یان تێکەڵکردنی چەند زارێک یان بە سەپاندنی زمانیکی ستاندەرد لە ناوچەیەکی جوگرافیدا بە دەستێوەردان یان بە نەخشە دانان بۆ زمان دێتە کایە

٢- زمانی ستاندەرد:ئەو شێوەیەیە کە بە هەموو هەنگاوەکانی یەکگرتندا تێپەڕیوە و خاوەنی دەستوور وفەرهەنگە ولە کارگێڕیدا بەکار دێ بەڵام لەسەرتاپای ناوچەیەکی جوگرافیدا ڕەزامەندی خەڵکی وەرنەگرتووە،٣

٣- زمانی دێرین یان کلاسیکی:ئەو زمانەیە کە مێژوویەکی پڕ لە شانازییانەی هەیە و دەستان و ئەفسانە لە بارەی بنەچەیانەوە لە ئارادایە بە پێچەوانەی هەندێ زمانی ترەوە کە دەستکرد و بێ مێژوویەکی درێژن.

٤- زمانی خەڵکی ( میللی) ئەو شێوەیەیە کە لە دەرەوەی بۆنە و شوێنە ڕەسمییەکاندا بەکار دێ وەک ماڵ و بازاڕ و ئاهەنگ،بێ مێژووە و سەربەخۆش نییە،واتە ئاخێوەرەکانی بە زمانێکی سەربەخۆ و جیاوازی دانانێن لە زمانە یەکگرتوو یان ستاندەر یان دێرینەکە،بەڵام زمانێکی

***٥- زار یان دایلێکت: شێوەیەکی زمانە کە بەندە بە ناوچەیەکەوە،بە هۆی واژە و پێکهاتەی رێزمانی دەناسریتەوە و گۆکردنێکی جیاوازیشی هەیە .هەر زمانێک قسە پێکەرانی زۆر بێت، زار پەیدا دەکات، بە تایبەتی کە هۆکاری جوگرافی بێتە بەر دەم وخەڵکەکە لە یەکتر جیا بکاتەوە.ئاساییە کە یەکێک یان زیاتر لە زارەکان دەسەڵات پەیدا بکات و ببێتە زمانی ستاندەرد.***

***٦- زمانی بازرگانی و پیجن و کیریول:لە کۆمەڵگەی فرەزماندا چەند ئەگەرێ دێتە ئاراوە (١٢):***

***(١) سەرهەڵدانی زمانی کاربەڕێوەبردنی یان زمانی بازرگانی :یەکێک لە شێوەکان بە دەستێوەردان یان بە بێ دەستێوەردان هەڵدەبژێرێ بۆ پەیوەندیکردن و بەڕێوەبردنی بازرگانی و دەکرێتە شێوەیەکی هاوبەش،وەک باری زمانی لاتینی دوو هەزارساڵ لەمەوپێش لە ئەوروپا دا.***

***(٢) فرە زمانی: لەم بارە دا دانیشتوانی ناوچەیەک هەموویان شارەزایی لە هەموو زمانەکانی ناوچەکە پەیدا دەکەن و هەر زمانە لە بوارێکدا بەکاردێنن،زمانێک لە ماڵەوە،شیوەیەکی تر لەچایخانە و شەقام و دەرەوەی ماڵ،شێوەیەکی جیاوازیش لە قوتابخانە و دادگە . بۆ نموونە لە ناوچەی (ساوریس) کە دەکەوێتە سەرووی ڕۆژهەڵاتی ئیتالیا ،ئەڵمانی لە ماڵەوە و ئیتالی لە کەنیسە و فەرەنسی لە بارەکاندا بە کار دێ.***

***(٣) هەندێ جار شێوەی(پیجن)سەرهەڵدەدا کە پەیڕەوێکی زمانی ساکارە بۆ پیادە کردنی پەیوەندی نێوان خەڵکی بە کار دێ کە زمانی هاوبەشیان نییە. شێوەیەکی زمانی دایکی کەس نییە و لە سەر بناغەی چەند زمانێکی تر،بە تایبەتی زمانێکی ئەورووپی و بە تێکەڵکردن لە گەڵ واژە و رێزمانی زارێکی ناوچەیی دروست دەبێت.ئەم پەیڕەوانە بە زۆری لە کەنار دەریا و ڕێگا بازرگانییەکاندا دێنە ئارا (١٣).***

***هەندێ جار ئەم پەیرەوانە لەناو دەچن و هەندێ جاریش گەشە دەکەن و پەرە دەسێنن و گرنگییان پتر دە بێت تا وایان لێدێ دەبنە زمانی دایکی نەوەیەک و دەگەنە پلەیەکی بەرزتر و دەبنە(کیریول)(١٤).لەم قۆناغە دا پەیڕەوەکە بڵاو دەبێتەوە بە ناو خەڵکدا و بواری بە کارهێنانی فراوان دەبێت و ڕستەسازییەکی ئاڵۆز پەیدا دەکات و واژەی تری دێتە ناو وردە وردە لە ساکاری دەردەچێت و دەبێتە زمانی فەرمی وڵاتەکە.***

## (٦) زمانی ستاندەرد و زمانی یەکگرتووی کوردی

***بە باوەڕی کۆ زمانەوانەکان زمانی ستاندەرد لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا سەر هەڵدەدا و خاوەنی ئەم تایبەتییانەیە:(١) زارێکی سەپاوە (٢) دەسەڵات بۆ کارگێڕی بە کاری دێنێ (٣) لە میدیا و قوتابخانە و زانکۆکاندا بەکار دێ (٤) تاکە زمانە کە پێی دەنووسرێ (٥) تا ڕادەیەک نەگۆڕە :ڕێگە بە جیاوازی فراوان نادات لە ڕووی ڕێنووس و گۆکردن و ڕێزمان (٦) بەرهەڵستی زیاترە بەرامبەر گۆڕان لە زارەکانی تر (٧) دەبێتە پێوەر بۆ بەراورد کردن لە گەڵ زارەکانی تردا.(٨)لە ڕووی زمانەوە، تەنیا زارێکە لە زارەکانی تر، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە بەرزتر دەبینرێ، واتا ناوبانگی هەیە (٩) بە سمبوڵی نەتەوەیەک دادەنرێ (١٥). بە پێی ئەم تایبەتییانە ،کوردی دوو شێوەی ستاندەردی هەیە:ستاندەردی کوردیی ناوەڕاست و ستاندەردی کوردیی باکوور: یەکەمیان لە ساڵەکانی (١٩٢٠) وە خەریکی دروستبوونە و ئەوی تریان لە دوای ڕاپەڕینەوە هەر یەکەیان لەو ناوچانەی تێیدا بەکار دێن، ڕەزامەندی خەڵکیان وەرگرتووە . ئەوی کورد نییەتی و بە پێویست دەزانرێ زمانی کوردیی یەکگرتووە (١٥)، نەک ستاندەرد.***

***درێژە هەیە ...***

================================

# پەندی پێشینیان

**مەلا غەفووری دەبباغی**

سەرچاوە Serchawe

بۆ ئیشی بچوک، قەت تێمەکۆشە
گۆم هەتا قووڵ بێ بۆ مەلە خۆشە
ئەگەر قسەی حەق لە من دەپرسی
تێر ئاگای نییە هەرگیز لە برسی
بەو کەسە دەڵێن عاقڵ و وشیار
دو جار لە جێیەک پێوەی نەدا مار
ئاوری بن کایە، بۆسۆی لێنایە
دزی خۆماڵی لە گرتن نایە
ئەگەر بکەویە بەر هەلمەتی شێر
قەت پەنا نەبەی بۆ ڕێوی بێخێر!
وەختێک ئەزانی مانای حەوسەڵە
بە کەوچکە ئاوی نەکەویە مەلە!
میوان نایەوێ سفرەت ڕەنگین بێ!
نانت جۆیین بێ و خوڵقت گەنمین بێ!
بۆ ئەم نەزیلەش گوێ ڕابدێرە
چێشتی پڕ کاباب، بێخوێ یا سوێرە
کەسێ نەگبەتی بێتە سەر شانی
پەڵووڵە بخوات، دەشکێ ددانی
حەزدەکەی دوور بی لە گێرە و کێشە
بەقەد بەڕەی خۆت پێ ڕابکێشە!
ئێش بەبێ زەحمەت مەحاڵە بوونی
پیاو ماسی بگرێ، تەڕ دەبێ قوونی
ئاوت خواردەوە جارێک لە کانی
بەردی تێ مەخە، خۆ تۆ ئینسانی

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

# وتەی زانایان

* ڕەمزی مانەوەی میللەتەکان لەوە دایە کەهەر ڕۆژ شتێک فێربن.[ ژێرژ سیموون ]
* نەتەوەیەک کە ئالای ئازادی و یەکگرتوویی بشەکێنیتەوە، هیچ کات نانەوەی. [ناپێلئۆن]
* ڕاستی وەک ئەستێرە وایە، تەنیا لە تاریکی شەودا دەردەکەوێ. [جوبران خەلیل]
* لە هیواش چوون مەترسە، لە وەستانی یەکجاری بترسە. [دیل کارلنگی]
* تەنانەت یەک ڕۆژیش بێ ئامانج مەبە. [بێتنۆوین]
* هیچ شتێک وەک و دڵداری بەش کردنی دژوار نی یە. [کیافۆرد]
* هەموو تاریکی جیهان ناتوانی ڕووناکی مۆمێک بشارێتەوە. [نەناس]
* باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژە دانی ڕێگایانە. [دوکتور قاسملوو]
* سیاسەت دڵی نییە،تەنیا مێشکی هەیە. [ناپێلئۆن]
* لە بیاباندا گرفتاری دزان بی،چاکترە لەوەی لە ناو کۆشک و تالاردا هاوڕێی نەزان بێ[چینییەکان]





# چیرۆک بۆ منداڵان

# نیشتمانی ماسی

فوئاد قەرەداغی

* کەروێشکێک لە رۆخی روبارێکدا راوەستابوو ، هاواری دەکرد:
* ئەی هاوار فریام کەون... ئەی هاوار فریام کەون...
* مام ورچ گوێی لە هاواری کەروێشکەکە بوو. سەری لە پەنجەرەکەیانەوە دەرهێناو گوتی:
* ئەم دەنگە دەنگە چییە؟ بۆچی ئەو کەرە دەزەڕێت؟
* ژنەکەی لە دوایەوە راوەستابوو، پێی گوت:
* ئەوە زەڕەی کەر نییە، هاواری کەروێشکە، بڕۆ بە هانایەوە، یارمەتی بدە.
* مام ورچ هاتە دەرەوە، دەرگای ماڵەکەیانی بە کراوەیی بەجێهێشت و بەرەو شوێنی دەنگە دەنگەکە چوو.



کە نزیک کەوتەوەسەیری کرد کەروێشک دەگری و کۆمەڵێک گیانەوەریش لێی کۆبوونەتەوە.

*مام ورچ گوتی:

* کەروێشک مەگری، پێمان بڵێ چیتە. کەروێشکەکە سەری هەڵبڕی و گوتی:
* ئێوە درەنگ بەدەنگەمەوە هاتن. ئەگەر زوو بهاتنایە دەتانتوانی رزگاری بکەن.
* مام ورچ بە تووڕەییەوە ملی کەروێشکەکەی گرت و بە سەریدا گرماندی:
* پێم بڵێ کێمان رزگار دەکرد؟
* کەروێشکەکە بە ترسەوەو بەدەم هەڵلەرزینەوە گوتی:
* ماسییەکم بینی مەلەی دەکرد، لە پڕ خۆی نوقم کردو تائێستا بێ سەرو شوێنەو دیار نییە
* کەروێشک بەدەم هەنسکهەڵدانەوە دەیگوت :
* من لێم سوورە خنکاوە..من دەزانم خنکاوە..
* گیانەوەرەکان پێدەکەنین.





* کەروێشک واقیوڕمابوو نەیدەزانی بۆ پێدەکەنن.
* مام ورچ پاشەو پاش بەرەو ماڵەوە بە بۆڵە بۆڵ گەڕایەوەو، لەبەرخۆیەوە دەیگوت:

چەند کەروێشکێکی بێ مێشکی، ئەی نازانی ماسی لە ئاودا ناخن کێت، ئەی نازانی ئاو نیشتمانی ماسییەو ئەگەر لێی بێتە دەرەوە دەمرێت ؟

سەرچاوە Serchawe

# کرۆنۆلۆگی کوردستان

[ بەشی دووهەم]

نادر فەتحی

## ٢٠٠٥ – ٢١١٣ ساڵ پیش زایین

بۆ ئاخرین جار سومەرەکان (SUMERER) لە باشووری مێزۆپۆتامیا(MESOPOAMIEN) حکوومەتێک پێک دێنن کە ساڵی 2005 پیش زایین لە لایەن عیلامیەکانەوە(ELAMITEN) کە لە زاگرۆسەوە هاتبوون تێکدەشکێن و ئەوانە تا ١٩٨٠ پیش زایین حکوومە تی ئەو ناوچەیە بە دەستەوە دەگرن.

## ٢٠٥٠ ساڵ پیش زایین

ئاکادییەکان (AKKADER) گۆتییەکان (GUtar)ڕاوەدەنین و دەگەڕێنەوە بۆ نێوەڕاستی مێزۆپۆتامیا (MESOPOAMIEN)

## ٢٠٠٠ ساڵ پیش زایین

سومەرەکان (SUMERER) لەبەردە نووسەکاندا دەنووسن کە لە دوو ساری کەردە (KARDA)و قورتی (QURTI) لە شاخەکانی زاگرۆسەوە هاتوون. ئاسورییەکان هەوڵین حکوومەتی خۆیان پێک دێنن (دەوڵە تی کۆنی ئاسووری ). لە و وەختانە دا لە ناوچەی ئاناتۆلییەوە هەتا دەگاتە مێزۆپۆتامیا تیجارەت برەوی هەبووە. بەم چەشنە بۆ جاری یەکەم تیجارەت لەو دەورە دا دەست پێدەکات.

## ١٩٨٤ پیش زایین

بابلییە کان دەبنە فە رمانڕەوای باشوور و نێوە ڕاستی مێزۆپۆتامیا (MESOPOTAMIEN) و ئە و حکوومەتە لە ژێرناوی حە مورابی (HAMMURABI) ١٧٥٠ – ١٧٩٢ دا دەگاتە ئەوپەری دەسەڵاتی خۆی و قانوونی حەمورابی دادەمەزرێ کە هەوڵین سیستمی قانوونی پێک دێنێ.

## ١٩٨٠ – ١٨٠٠ ساڵ پیش زایین

حورییەکان (HURRITER) لە رۆژهەڵاتی شاخەکانی ئاراتی گەورە (TOURUS) وە کە ئە ورۆ بۆتانی (BOTAN) ناوە هاتبوون، لە پرێگ دا حکوومەتی خۆیان پێک دێنن.

## ١٦٠٠ ساڵ پێش زایین

فە رمانڕەوایی هوری – میتانی (HURRI – MITANNI) لە سە روی مێزۆیۆتامیا ناو چۆمان پێک دێ کە باکووری ئە ورۆی کوردستان دەگرێتەوە.

قەومی کاستیەکان (KASSITEN) کەلە زاگرۆسەوە هاتبوون بابلییەکان (BOBYLONIEN) داگێر دەکە ن و زیاتر لە چوارسە د ساڵ بە دەسەڵاتێکی باشی فەرهەنگییەوە بە دوو قوڵی لە گەڵ بابلییەکان حکوومەت دەکەن.

## ١٢٠٠ ساڵ پێش زایین

بەهۆیانە خوارەوە قورسایی دەسەڵاتی لە ناوچەکە تێک دەچێ:

١- خەڵکەکانی پەنا زێکانی (MITTELMEER) دەریای ناوەڕاست بە رەو ناوچەکە دێن!

٢- بەهێز بوونی ئاسووریەکان لە ناوچەکە!

٣- کپ و کرمانەوەی حکوومەتەکانی ناوچە!

بۆ لاپەری ١١

# تەندروستی

## ئایا بۆ جوانی روخسار لیمۆ گرنگترە یا نەشتەرگەری جوانکاری



لەسە رەتای دروست بوونی ژیان "لیمۆ"بە چارەسە رێکی کاریگە ر ناسراوە ،بەتایبەت لەڕووی جوانی و باری دەروونی،لەهەمان کاتدا بەرهەمەکانی لێمو رۆڵێکی کارایان لە بنبرکردنی چەندین نەخۆشی هەیە، وەک توشبوون بە "پەسیو" هەروەها هاوکاری لە ش دەکات بۆ دە ردانی ماددە زیانبەخشە کان.سودێکی دیکە ی لێمو ئەوەیە لەرێگە ی دەوڵەمەندکردنی دڵ بە "کالسیۆم" مرۆڤ لە نەخۆشییە کانی دڵ دەپارێزیت ، هە روەها بەرهەمەکانی "لیمۆ" رۆڵی بە رچاویان هەیە لە چالاک کردنە وەی ئامێری بە رگری لە لەشی مرۆڤدا.

لە رووی جوانکاری"لیمۆ"کاریگەرییە کی نایا بی بۆ سە ر پێستی روخسار هە یە،لەوانە بە هۆی دابەشبوونی ڤیتامین "سی" پە ڵە ی سە ر دەم و چاو لا دە بات،هە روەها خانە مردووەکانی ژێر پێستی دەم و چاو زیندووە دەکاتەوە.

لەکۆتاییدا ئە وەی جێی ئاماژە پێکردن بێت، پزیشکان لە کاتی پێویست بە زانایی ئاموژگاری لەبارەی بەکارهێنانی لێمۆ"دەدەن،چونکە لە کاتی دانانی لە سە ر پێستی دە مو چاو و راستە وخۆ بەرکە وتنی بە تیشکی خۆر، ئەگەری ئەوەی لێدەکەویتەوە کە پەڵە لەسەر دەمو چاو دروست بکات.

## خەوتنی تەندروست سەرچاوەی گەنجبوونەوەی مرۆڤە

زۆرجار باس لە وە دەکرێت،کە خە وتن مرۆڤ لە هەڵسوکە وتدا تەمبە ڵ دەکات،بە ڵام پرسیار لێرە دا ئەوەیە کە ئایا خە وتن هیچ پەیوەندییەکی بە گەنجبوونەوە هەیە.



توێژە رانی بواری تە ندروستی لە ویلایەتە یە کگرتووەکانی ئەمە ریکا لەلێکۆڵینەوەیەکدا ئە وەیان ئاشکرا کردووە کە خە وتنی تەندروستی شە وانە هاوکاری مرۆڤ دە کات بۆ بنبرکردنی شڵەژانی تەندروستی کە رەنگە لە تەمەنی پیری دووچارت ببێتەوە،بۆیە پێیان وایە خەوتنی تەندروست سەرچاوەی گەنج بوونەوەی مرۆڤە.

ئەم لێکۆڵینە وەیە کە لە گۆڤاری "ئیج" بڵاوکراوەتەوە باس لەوە دەکات کە توێژەرانی زانکۆی ئۆریگۆنی"ئەمەریکایی پەیوندی مردن لە قۆناغی گەنجیدا بە شلەژانی تەندروستی بەستۆتەوە،

ئەمیش بەهۆی لەدەستدانی یەکێک لەجیناتە سەرەکییەکان کە کاتژمێری بایۆلۆژی سوڕی خەوتن رێک دەخات.

لێکۆڵەران لەمیانەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر"مێش"بۆ یان دەرکەوتووە کە بەهۆی نەبوونی ئەم جینە سە رەکیە لەتەمە نی مامناوەندی و پیربوون پاڵە پەستۆ فشاری بۆ ئەو مێشە بردووە،بەمەش زیانێکی زۆری پێگەیاندووە.

[پەیامنیر]



# بۆ پێکەنین



## ڕزگارکردن




لە ئوستورالیا،منداڵێک ئەکەوێتە ناو ئاوێکی زۆر خوڕەوە.خەڵکێکی زۆر لەمبەر و ئەوبەری ئاوەکە کۆبوونەتەوە بێ ئە وەی کە س بوێرێت بچێت یارمەتی مزداڵەکە بدات.لە پڕێکدا کوردێک خۆی فڕێ ئەداتە ئاوەکەوە و پاش کەمێک لەگەڵ منداڵەکەدا دێنە دەرە . ڕۆژنامەنووس و پۆلیس و خەڵکێکی زۆر لێی کۆ ئەبنە وە بۆ سوپاسکردن و ڕێکخستنی چاوپێکە وتن لەگەڵیدا، بە ر لەوەی خەڵکەکە بێنە قسە،ئەم ئەڵێت ئەمەوێت دوو شت بڵێم: یەکە م، ئەمە وێت بزانم ئە و سە گبابە کێ بوو کە پاڵی پێوە نام. دووەمیش، زۆر سوپاسی ئەم منداڵە ئەکەم کە ڕزگاری کردم،

## شێریش هەر حەیوانە !

جارێکیان دوو قوتابی زیرە ک و تەمبە ڵ دەبن مامۆستایێک پرسیارە کیان لێ دەکات یە کە م جار قوتابیە تەمبەڵەکە وەڵام دەداتە وە ئە ویش نایزانێ مامۆستایەکەش پێی دەڵێ هەی حەیوان. دوا تر قوتابیە زیرەکەکە وەڵامە ڕاستەکە بە مامۆستا دەڵێ مامۆستاکە ش زۆر پێ خۆش دە بێ پێی دەڵێ ئەتوو شێری پۆلەکەمانی ،دواتر قوتابیە تەمبەڵ بە زیرەکەکە دەڵی دڵی خۆت خۆش نە کە یت شێریش هەرحەیوانە!




## دایکە ئەو مەیمونە ڕێک ئەڵێی پورمە . ..

ژنێک لەگەڵ مناڵەکەیا لە باخچەی ئاژەڵانن..بەلای مەیمۆنیکا ئەڕۆن و مناڵەکە ئە ڵی: وای دایە،ئە و مەیمونە ڕێک ئە ڵێی پورمە .. دایکیشی ئەڵێ: هێواش کورم،عەیبە نابێ وابڵێیت..مناڵەکەش ئەڵێ: ئێ قەیچێکە خۆ مەیمونەکە تێناگات!!!!!!

## دکتۆر و شێت



ڕۆژێک د وکتۆرێک بە کۆڵانێکدا ئە ڕوات و ئە بینێت شێتیک لەسە ر دیوارێک میز هەڵئەداتە خوارە وە کە دوکتۆرەکە ئەبینێ میز ناکات دوکتۆرەکەش ئەڵێت وادیارە ئەم شێتە ئاقل بوە و ئەچێتە بەردەمی و ئەڵێت ئەوە بۆ میزەکەت وەستاند ئەویش ئەڵێت هە ی زۆل بەتەمایت میز بکەم و میزەکەم رابکێشیت و بمخەیتە خوارەوە

## دایکت کوێربێت ڕۆڵە

کوڕێکی گەنجی کوێر بە خۆی و گۆچانەکەیەوە سواری پاسێک بوو.. ژنێک خۆی پێنە گیرا و وتی: وەیش لە و کوڕە گەنجە،ئە ک دایکت کوێربێ ڕۆڵە.. کوڕەکەش یەکسەر وتی: ئەک بەقوربانی چاوی دایکم بی باشە،شەش کەسین بەس ئەومان چاوی ساغە.

سەرچاوە Serchawe

# درۆ کردن

کوێستان فتوحی

لە فەرهەنگی ئێمەدا،دیسانیش ئەم سیفەتە لە زۆر وتە و رەفتاری بەشێکی زۆر لە مرۆڤەکاندا دەبینرێ .هۆکاری جۆراوجۆر هەیە بۆ سەرهەڵدانی درۆ لە کۆمەڵگەیەک دا.ریشەی درۆ کردن بە شێکی دەگەرێتەوە بۆ شێوەی دەسەڵات و قانوون لە وڵات دا.نەبوونی قانوونێکی دادپەروەرانە و نەبوونی پێوەندییەکی سادقانەی کۆمەڵایەتی،وای کردوە مرۆڤەکان بۆ داپۆشینی هێندێک لە راستییەکانی ژیانیان پەنا بۆ درۆ کردن بەرن. یان دەسەڵات بەدەستان بۆ مانەوەی دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانی خۆیان درۆ لەگەڵ خەڵک بکەن .درۆ لە وڵاتیکی وەک ئیران و زۆر لەو وڵاتانەی دیکتاتۆری و فەرهەنگێکی دواکەوتووانە بەسەر پێوەندییەکاندا زاڵە، بۆتە لایەنێکی دانەبڕاو لە ژیانی ئینسانەکان. بەڵام لەهەرحاڵ دا گرنگترین زیان و ئاکامەکانی درۆ،چەسپاندنی بێ بڕواییە لە کۆمەڵگەدا.

بڕوا گرنگترین سەرمایەی فەرهەنگی و لایەنێکی سەرەکیی پێوەندیی ژیانی کۆمەڵایەتیی هەر مرۆڤێکە . کەسێک کە درۆ دەکا و بە درۆزن ناودەردەکا ،لە نێو کۆمەڵگەدا بڕوای پێناکرێ. زۆربەی ئەو کەسانەی درۆکردن یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانیان،زۆر جار تووشی تێکچوونی باری دەروونی دەبن.یان تووشی زمانلووسی و پێداهەڵگوتن دەبن.

مرۆڤ کاتێک لەتانەو لۆمە و سزا دەترسێ، هەمیشە لە پێوەندییەکانیدا لەگەڵ هەست و دەروونی خۆی نارِاستە ، یان تە عاروفاتی بێجێ لە خۆی نیشان دەدا. هەر مرۆڤێک ئەگەر لەگەڵ خۆی نارِاست بوو بەدڵنیاییەوە لەگەڵ دەوروبەریش نارِاستە.

کەسایەتییەکی گەورە دەڵێ: مرۆڤی درۆزن،سادق نیە،کەسێکیش کە سادق نە بوو بۆ دۆستایەتی نابێ .

بەرِاستی ئەمە قسەیەکی زۆر راستە. بۆچی عەیب و ئیرادەکانی خەڵک لە پشت سەری خۆیان دەڵێین؟ بۆچی ئەگەر کەسێکمان خۆش ناوێ یان خۆشمان لێی نایە لەلای خۆی بە شان و باڵی دا هەڵدەڵێین؟ بۆچی بۆ ئیسباتی قسەکانمان بە ردەوام سوێند دەخۆین؟ چۆنکە لەگەڵ یەکتر راستگۆ نین.چونکە بڕوامان بە یەکتر نیە.

هەموومان لە گەڵ ئەو جۆرە کەسانە رووبەروو بووینەتەوە کە بەردەوام لە کاتی قسە کردندا سوێند دەخۆن، دەزانن بۆ؟ چونکە ئەو کەسە یان نارِاستی لە قسەکانیدا هەیە و خۆی دەزانێ کە بڕوای پێناکرێ،یان خۆی باوەڕی بەو کەسە نیە کە قسەی بۆ دەکا .لە کۆمەڵگەیەکدا کە پێداهەڵگوتن و تاریفی بێجێ نیشانەی رێز و حورمەت گرتنە،لە گۆمەڵگەیەکدا کە بێدەنگی لە ئاست قسەیەکی نارِاست و نارەوادا نیشانەی رێز گرتنە،ئینسانەکان زۆر بە ئاسانی خۆیان لەگەڵ درۆ دەگونجێنن. پرۆفیسۆر حوسێنی باقر،کۆمەڵناس و مامۆستای زانکۆ،لە وتووێژێک دا دەڵێ: بۆ ئەوەی مرۆڤ راستگۆیی بخاتە لاوە و فێری دۆرکردن ببێ،چەندین هۆکار هەیە : ١. مەسەلەی کەسوکار ٢. رەفتاری دایک و باب ٣. رەفتاری کەسایەتییەکان لە ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن ۴. رەفتاری کۆمەڵگە . ناوبراو لە درێژەی قسەکانی دا دەڵێ کۆمەڵگە بە شێوەیەکی گشتی لەسەر تاکەکان کاریگەری جۆراوجۆر دادەنێ. لە بواری ئابووری دا کاتێک کەسێک دەستی راناگا بە نیاز و پێویستی یەکانی، تووشی گیروگرفتی تایبەتی دەبێ، پەنادەباتە بەر درۆ کردن. یان لە روانگەی سیاسییەوە دەسەڵات نادادپەروەر و دڵرِەقە بەرامبەر بە خەڵک، یان کاتیک دایک و باب لەگەڵ منداڵەکانیان توندوتیژن، کاتێک لە ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن بە رِێوەبەران و مامۆستایان رەفتاری توندوتیژ بەرامبەر بە هەڵەی منداڵان و گەنجان لە خۆیان نیشان دەدەن، ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی تاکەکان پەنا بۆ درۆکردن بەرن تاکوو لە دەست سزا و لۆمە و تانە رزگاریان بێ. هۆکاری چەسپاندنی ئەم دیاردەیە و پەرەسەندنی: کاتێک بە رپرسان قسەیەک دەکەن و بە پێچەوانەی قسەکانیان عەمەل دەکەن، کاتێک دایک و باب لە گەڵ منداڵەکانیان، ژن و مێرد لەگەڵ یەکتر، منداڵ لەگەڵ گەورەکانیان،نارِاستن هەموو ئەوانە دەبنە هۆی ئەوەی لە کۆمەڵگایەکدا ئەوندە ئەو شتانە دووبارە ببنەوە،ئەم سیفەتە ببێتە شتێکی ئاسایی و، ناشیرینی و ناشایستی

بۆلاپەری ١١

سەرچاوە Serchawe




گۆڤاری یەکبوون، گۆڤارێکی گشتی سەربەخۆیە، بۆخزمەت بە بواری ڕاگەیاندن و وشەی کوردی کار دەکا بۆ دەوڵەمەند و بە پیز کردنی ڕەخنە، پێشنیار و بابەتی بۆ ڕەوانە بکەن.

ئادرەسی پێوەندی: g.yekbun@hotmail.com

ئامادە کردن و پێشکەش کردنی : ڕەحمان نەقشی